www.kurdistannet.org
11/07/2003 03:17

بەناوی کوردستانی گەورە

# وەستا حەکە ! خۆزگەم بە خۆت.

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

- وەستا حەکە، ئەی دۆستی کاتی منداڵیم، لفی دەورەی کرچ و کاڵیم ! وا بزانم لەبیرت دێ، لە ئێران بوی، تۆش خەڵکی شاری وێران بوی، وەک دو منداڵ، لەگەڵ یەکدا بوینە هاواڵ. بێ دەگەشە و گزە و دهۆ، بوومە رەفیق من لەگەڵ تۆ ؟

- یەکمان کورد و یەکما جو بوین، دەرد مان یەک بو، خۆمان دو بوین.

- لەبیرت دێ رۆژی باران، کاتی بەفر و تەرزە و بۆران، نەتدوێرا بێیتە شەقام؟ دەیانوت " جووولەکەی گڵاو"، کاتێ تەڕ بوی، { تۆ نەجسی }، ناخاوینی، پۆخڵ و پیسی، ئەگەر بێتو لێمان کەوی، دین و مینمان دەکەی نەوی ! ؟"

- لە بیرت دێ، وەستا حەکە ! نازناوی تۆ هەر " جوی سەگ بو "، کەسایەتیان ورد ئەکردی، بەهانەیان پێ ئەگرتی، وەک من لە ناویان ئەبردی ؟

- لە بیرت دێ وەستا حەکە، خۆشەویستی دەورەی جوانیم، ئەی هاواڵی گیانیگیانیم، لە کۆڵان و شەقامی شار، لێت کۆ دەبوون هەزار، هەزار ؛ خەڵکی هار و لار و بێعار. دەیانکردی بەردەباران، بەرد ئەباری وەکو باران، غەرق و شەڵاڵی خوێن دەبوی، سێرەی هەزاران جوێن دەبوی.

- وەستا حەکە، ئەی جوولەکەی زانای هەژار، ئەی تێکۆشەر، ئەی سەنعەتگەر، ئەی پسپۆری هەزاران کار، تۆ کە رۆیی بەرەو زێدت، گەیشتیە کابەی هومێدت، خوت رزگار کرد لە جەور و غەم، چویتە مەڵبەندی ئازادی، لەکۆشت گرت پەری شادی!.

- وەستا حەکە !، من سوێند ئەخۆم بە کێوی توور، بە شالۆم و بە بزەی نوور، سوێند بە ئەزمەر، سوێند بە شاهۆ، سوێند بە بەهەشتی من و تۆ، کورد م خراپترم، لە جو، تێم دەڕوانن بە چەشنی تۆ، وەک کاتی زو، وەک کاتی زو ... وەستا حەکە! خۆزگەم بە خۆت.

جا، بۆیە دەڵێم :

تاکو چارەی خۆ نەنووسم،ماڵێ سەربەستم نەبێ
باسی ئەنفال و حەڵەبجە و حەبس و هەڵواسین ئەکەم
بەینی بەستووین وەکو سەد، تیغی دیواری سنوور
ئارەزوی رووخان ی تیغەی دووهەمی بێرلین ئەکەم
چونکە ئەجدادم لە خەودا، ژینی خۆیان بردە سەر
حەسرەتی بەیداغی کورد و پەرچەمی رەنگین ئەکەم

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت